# سەرۆك وەزیران بەشداری لە ڕێوڕەسمی فەرمی پرسەی سەرۆکی کۆچکردوی ئێران دەکات



ئەمڕۆ چوارشەممە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەممەد شیاع سودانی، بەشداری لە ڕێوڕەسمی فەرمی پرسەی سەرۆکی کۆچکردوی ئێران ئیبراهیم ڕەئیسی و وەزیری دەرەوە و هاوەڵەکانیان کرد.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆك وەزیران لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەممەد شیاع سودانی، بەشداریی لە ڕێوڕەسمی پرسەی فەرمی سەرۆکی کۆچکردوی ئێران ئیبراهیم ڕەئیسی و وەزیری دەرەوە و هاوەڵەکانیان کرد، کە ئەمڕۆ چوارشەممە لە تاران بە ئامادەبوونی نێودەوڵەتی و فەرمی و جەماوەری بەڕێوەچوو.

ئاماژەی بەوەشکرد: سودانی لە هۆڵی تایبەتی تەرمەکان سورەتی فاتیحەی خوێند و دواتر مەراسیمی دوا سەیرکردنی تەرمی کۆچکردووانی ئەنجامدا.

ڕونیشیکردەوە: سودانی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ گەیشتە تاران، بە سەرۆکایەتی شاندێکی فەرمی کە پێکهاتبوو لە سەرۆکی دادگای فیدراڵی و وەزیرانی دەرەوە وپلاندانان و ناوخۆ و کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبەری نوسینگەی سەرۆك وەزیران و پارێزگارەکانی بەسرە و واست، بە پێشکەشکردنی سەرەخۆشی و هاودەنگی بەناوی حکومەت و گەلی عێراقەوە لەگەڵ سەرکردەکانی ئێران سەبارەت بەم ڕووداوە.